www.kurdistannet.org
28-5-2006 15:05بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هەڵەکانی کەیوان ئازگەیی... و چەند وردە سەرنجێک ... هێمن مەلا کەریم بەرزنجی

Dr. hemnbarznji@yahoo. com



بەر لەهەموو شتێك سوپاسی سەرنجەکانی بەڕێز (کەیوان ئازگەیی) دەکەم و، قسەکانی بەهەند وەردەگرم و، هەمیشەش بەجۆرێك دەنووسم کە وەڵامی زۆر ڕەخنە و، قسە نادەمەوە و، کاتی خۆمیان پێوە بەفیرۆنادەم، مەگەر نووسینێك پێویست بەلەسەر وەستان و، گفتوگۆی زانستی و، ژیرانە هەبێت، وەلی نەبەتاوانبارکردنی یەکتری. بۆنموونە کاکە کەیوان نووسیویەتی: (ڕۆژنامەی خەبات وەکو ڕۆژنامەکانی دیکە نییە چەند کەسانێك دەریدەکەن بەکەیفی خۆیان شت بڵاو دەکەنەوە کە هەندێکیان نازانن ئەو شتانەی بڵاوی دەکەنەوە باس لە چی دەکات. ) . منیش دەڵێم:من ڕۆژنامەی خەبات نە لەدوور و نەلەنزیك ناناسم و، جگە لە ژمارەی ڕۆژانی شەممەی هیچ ژمارەیەکی دیکەی ناخوێنمەوە. چونکە کاتم نییە و، سەرقاڵی کار و، پرۆژەی تەئلیفی کتێبی زانستیم، وەلی ئەگەر جەنابتان ڕۆژنامەی خەبات باش دەناسن و، ئەو قسانەی دەیکەن درووستە هەندێك بەڵگە بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی ئیدی منیش کاتی خۆم بە پێشنیارو، هەوڵدان بۆ بەرەو پێشچونی لاپەڕەیی زانستی ڕۆژنامەکە بە فیرۆنەدەم، و بابەتیشیان بۆ نەنووسم. گەرچی تاهەنووکە تەنها یەکجار بابەتم بۆ ناردوون و، بە ئیمەیڵ ئاگاداریانکردووم کە بڵاو ناکرێتەوە، منیش زۆر سادەبووە لام و، لە گۆڤارو، ڕۆژنامەکانی دیکەدا بڵاوم کردۆتەوە، وەلی حەزدەکەم نموونەیەکی پێچەوانەت بدەمێ:برادەرێك لە ڕێگەی ئیمەیل و، ژمارە مۆبایلەکانی سەر کتێبەکانمەوە پەیوەندی گرت و، داوای بابەتێکی ئای تیITکرد، ئەو ئایتییەی جەنابتان پێی وایە نایزانم یانی چی، کەچی زۆر بەداخەوە بابەتەکەی لای خۆی هەڵگرت و، بڵاوی نەکردەوە، تا دەرچواندنی یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاموانێت کە لەوێدا بڵاوم کردەوە، وەلی وەك چۆن نەمزانی برادەرانی خەبات بۆچی بەئیمەیل داوای لێبووردنیان لە بڵاونەکردنەوەی بابەتەکانم کرد، ئاوەهاش نەمزانی ئەو برادەرە بۆچی داوای بابەتی کردو، بۆچیش بڵاوی نەکردەوە. چونکە هیچ کاتێك بابەتێك نانووسم کە دڵنیانەبم لە ئاستی زانستی ئەو بابەتە و، ڕاستی و، درووستی ناوەڕۆکەکەیی و، زۆرینەی کاتیش سەرچاوە دەنووسم، مەگەر بەهۆی سەر قاڵییەوە بیرم بچێت، یان ڕۆژنامەو، بڵاو کراوەکان خۆیان لای ببەن، کەئەمەش ڕاستگۆی نووسینەو، پێچەوانەکەی بە دزی ناودەبرێت، بۆنموونە لە کتێبی (فۆتۆشۆپ سی ئێس – چاپی یەکەم –کوردستان – سلێمانی -2005) بڕوانە. کە دووەم کتێبی بەندەیە.

بۆ وەڵامی ئەو قسەیەت کەنووسیوتە: (بۆ ناچیتە کتێبخانەکان سەیری کتێبی زانستی کوردی بکە) . کەیوان گیان بێگومان چومەتە کتێبخانەکان و، سەیری کتێبە کوردییەکانیشم کردووە، وەلی بەر لە هەموو شتێك لە و قسەیەت بەگوومانم:بۆ کتێبی زانستی کوردیمان هەیە... ؟!!ئەگەر وەڵامت بەڵێ یە، ئەزیەت بکێشەو سەرێك لە وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری بدەو، داوایی مۆڵەتی کتێبە چاپکراوەکانیان لی بکە و، بزانە کتێبە زانستییەکان (ئەگەر بشێت ناویان بنێین زانستی) لە سەدا چەندی کۆی کتێبە چاپکراوەکان لە خۆ دەگرێت لەماوەی چواردە (14) ساڵی حوکم ڕانیاندا. ئەمە لەلایەك و، لە زۆر ڕووی ترەوە گرفت هەن، تۆ دەڵێی ئەو کتێبانە شتگەلی سادەت فێردەکەن منیش دەڵێم زۆر ڕاستە، و وەهایە، وەلی هەموویان نا، بۆ نموونە کتێبی مایکرۆسۆفت ۆردی قاسم حەمە خورشید بەهەموو هەڵەو، کەموو کورتییەکانیشییەوە خزمەتێکی گەورەی بەزانستی کۆمپیوتەر گەیندووە، وە چەند دانە کتێبی هاوشێوەمان هەیە و، ڕۆژ بەڕۆژیش زیاد دەکەن، وەلی لێرەدا گرفتی سەرەکی نەبوونی بازاڕو، خراپی باری دارایی خەڵکە، فەرموو من کتێبێکت لەسەر ویندۆز بۆدەنووسم کە 1000لاپەڕەی A4لە خۆبگرێت،

وەلی کێ پاداشتم دەداتەوە، کێ ماندوو بوونم ڕێزلێدەنێت، ئاخر تا هەنووکە 35کتێبم نووسیوە کەپشت بەخوا لەماوەیی 5-6مانگی ئایندەدا هەمووی لە ویبلاگێك و، لینکەکانی دا بلاو دەبێتەوە، وەلی جگە لە ڕێزو، خۆشەویستی هەندێك زانست خوازی وەك ئێوە، تەنانەت سوپاسنامەیەکیشم وەر نەگرتووە، و زۆریش سادەبووەلام و، هەربەردەوامیش بووم. چونکە ئەوکاتەی کتێبەکانی: (ڕێبەری سایتە کوردییەکان – فۆتۆشۆپ سی ئێس –ئینسایکلۆپیدیای ئینتەرنێت –فێربوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر – فێربوونی بەکار هێنانی تۆڕی ئینتەرنێت – ویندۆز ئێکس پی.... .... .... .. ) بە دەستی خوێنەرەوە دەبینم دڵ و دەرونم ئارام دەبێت و، هەست بە خۆشی دەکەم.

بۆ وەلامی ئەو پرسیارەشت کە بۆچی ڕەخنە لەو کتێبانەی ناو کتێبخانەی کوردیی ناگرم وەلامی تایبەتیم هەیە. چونکە ڕەخنە گرتن لەهەر کتێبێك بنەماو، ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیەو، ناتوانم لەو ڕێگەو، بنەمایانە لابدەم، و بە جێبە جێکردنیشیان بۆم دەست نادات. چونکە کاتم نییەو، ئەوەندەشی بە ڕەخنە لەو کتێبانە سەر قاڵدەبم، باشتر وایە کتێبێك بنووسم. چونکە کاتێك بڕیار دەدەیت ڕەخنە لە کتێبێك بگریت دەبێت چەند جارێك ئەو کتێبە بخوێنیتەوە و، پاشان لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی بیانی بەراوردی بکەیت و، بۆ چونی خۆتی لە بارەوە بڵێی، کە ئەمەش کاتێکی زۆرم لێبە فیرۆدەدات. چونکە وەك وتم ئەو سەر چاوانە بۆ تەئلیفی کتێبێك بخوێنمەوە باشترە لەوەی بۆ ڕەخنەگرتن بی خوێنمەوە.

لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەتدا ئامارژە بەوە دەدەیت کە نایزانم ئای تی مانا چییە... !! بە هەر حاڵ سوپاست دەکەم و، هەولێش دەدەم تێبگەم و، بۆ ئەم مەبەستەش لەکەسانی وەك جەنابتان پرس و، جۆ دەکەم هەتاوەکو فێردەبم و، بەڵێنیش دەدەم ئیدی لەهیچ شتێك نەدوویم کە شارەزایم لێی نەبێت و، تا ئەو کاتەی نووسینەکەی جەنابیشتانم خوێندەوە نەمدەزانی جیاوازی نێوان ڕۆژنامەو (مەکتەب کۆمپیتەر) چییە... ؟!!وەلی سوپاس کەلە جەنابتانەوە فێربووم.

لە کۆتایدا بەلێنێکی دیکەش بە خوێنەران دەدەم کە یان نەنووسم، یان بە (فکروە) بنووسم و (دووشەش) یش بلاوی نەکەمەوە.

لەگەڵ ڕێزدا... مامۆستام: کەیوان ئازگەیی بچوکیم قبوڵ بفەرموو.... .. !!

*نووسینی نێو کەوانەکان لە بابەتەکی کەیوان ئازگەیی وەرگیراوە، کەلە کوردستان نێت دا بلاوی کردۆتەوە لە بەرواری 26-5-2006 23:09 بەکاتی ئەوروپا.

کوردستان – سلێمانی
**27-5-2006**

(Mobile: (00964) 770 151 55 82 (Asia cell
(Mobile: (00964) 770 122 0524 (sana tell
E-mail: dr.hemn@yahoo.com
www.hemnbarznji.blogfa.comWeb log: